# پیرەژنە کوردێك

پارێزەر/ جەوهەر غەمگین



خوالێخۆشبوو کاك عەونی یوسف بۆی گێڕامەوە گوتی: پێشمەرگە بووم. رۆژێك من و برادەرێکم، لە ناوچەیەك دەچووینە ناوچەیەکی تر، هەردووکمان بە پێ بووین، ئەو رۆژە تاکو ئێوارە بەرێوە بووین و نزیك رۆژ ئاوا بوون گەیشتینە گوندێك، من بە برادەرەکەم گوت:کاکە ئەوە شەودا هات و هیچ جێیەك پێنازانین؟ وام پێباشە ئیمشەو لابدەینە ئەو گوندە و کەمێك بحەسێینەوە و نانێك بخۆین و ئینجا بۆ سبەینێ دەست بە رۆیشتن دەکەینەوە. برادەرەکەم گوتی: زۆر باشە وا دەکەین، گوتم: لەبەر ئەوەی لێرە کەس ناناسین و خانەخوێمان نییە وای بە چاك دەزانم، یەکەم ماڵ هاتە سەر رێمان لابدەینە ئەوێ. گوتی: زۆر باشە من و برادەرەکەم وا رێکەوتین و وامان کرد.

یەکەم ماڵ کە تووشی بووین خانویەکی بچکۆڵەی بێ دیواری حەوشە و ژوورێکی مامناوەندی و ئیتر چی وام بە بەرچاو نەکەوت لە نیو بەرمیلێکی ئاو لە حەوشە پتر. خۆمان کرد بە ژووردا پیرەژنێکی پشت کۆماوەی پرچ سپی، جل رەش بە پیرمانەوە هات هەزار جار گوتی یاخوا بەخێر بێن ئەو میوانە خۆشەویستانە، سەر سەرم هاتن، چاوم روون و گەورەتان کردم، ئەوە منم ئەو جووتە میوانە نازدارانە بێنە میوان و ماڵم ئاوەدان بکەنەوە! ؟

زۆر بە پەلە خۆی کوتایە ژوورە تەنیاکەو لبادێکی راخست و لە سەر ئەو نیمدەرێکی پەرپووتی کۆنەی لەسەر راخست بۆ ئەوەی نەرمتر بێ، و دوو بالیفی لەسەر دانا و فەرمووی لێکردین و ئێمەش دانیشتین و پیرەژن چووە دەرەوە، وا دیار بوو خەریکی چا لێنان بوو، واش بوو چاکەی هێنایە ژوورەوە و بۆی تێکردین. بەدەم چا خواردنەوە زانیمان کە پیرەژن لەم گوندە تەنیایە و کوڕ و کچی نییە، لەسەر دەستی خۆی دەژی.

تا چامان خواردەوە و چەند گفتوگۆیەکمان لەگەڵ یەکتر کرد هەمدیسان پیرە ژن بزربووەوە، دنیا کەمێك تاریك دا هاتبوو سەر وەختێك گوێم لە قیڕەی مریشك بوو، دەرپەڕیم بۆ ئەوەی بزانم چییە؟ بینیم پیرەژن مریشکی گرتووە بە تەمایە سەری ببڕێت، پێم گوت: پیرەژن ئەوە چ دەکەی گوتی: بە قوربان بەتەمام ئەو مریشکە سەر دەبڕم دەیکەمە شیو بۆتان. گوتم: پوورە گیان ئێمە نان و ماستێك و نان و چایەك بەسمانە. گۆشت مریشکمان ناوێ. ئەگەر چی ماوەیەکی زۆر بوو دەممان بە گۆشت نەکەوتبوو! ! بەڵام پیرە ژن وازی نەهێنا و گوتی دەبێ هەر بیکوژمەوە، چما بەتەمام میوانی لە ئێوە خۆشەویست ترم بێن، گوتم: پیرە ژن چەند مریشکت هەیە، لە وەڵامدا گوتی: بەخوای هەر ئەوەم هەیە بەڵام ئەنگۆ لە مریشکەکەم خۆشەویست ترن. ئەنگۆ پێشمەرگەی کوردستانن، هەی لە دەورتان گەڕێم، بەلا گێرتان بم.

گوتم: باشە بەراستی پێم بڵێ تۆ کەست نییە، یارمەتیت بدات. بە چی بەرێوە دەچی، گوتی: بە قوربان چیت لێبشارمەوە، بە پارەی هێلکەی ئەو مریشکە دەژیم، کە رۆژەك نا رۆژەك، هێلکە دەکات، خەڵکی گوندیشماڵیان لەگەڵ ئاوابێ. کەم و رۆژێك یارمەتیم دەدەن. گوتم یەك مریشکت هەیە بەهێلکەی ئەم مریشکە گوزەران دەکەی، ئەویش بۆ ئێمە سەر دەبڕی! !

جا لێرە گێڕانەوەکەی کاك عەونی تەواو بوون. بەڵام من رووداوەکەمە سەرکردایەتی کورد و دەسەڵاتدارانی کە پێشمەرگە بوون، ئایا چەند جار روویان لە ماڵی پیرەژنێکی ئاوا کردوە و تاکە مریشکێکی هەبووە و لێی سوو نەبووینە و بە دڵخۆشییە بۆی سەر بڕیون، یا چەند ماڵە هەژارێك روویان تێکردوە کە چییان نەبووە لە ناو ژن ماڵ و مندالی خۆیان جێیان بۆ کردوونەتەوە و پارووی دەمی منداڵەکانیان خستوەتە گەرووی ئەوان، بێگومانم کەم ماڵ هەیە لە خۆشناوەیەتی و باڵەکایەتی و زۆر شوێنی تریش کە زۆر بە چاکی بەم ئەرکە هەڵ نەستابن. بەڵام ئەوانەی نانی ئەوانیان خوارد و لە ناو نوێنی ئەواندا نووستن بە بیریان ماوە؟! !



rawezhgovar@yahoo.com